# ژنان سوتەمەنی جەنگەکانن

كامیل قەرەداخی

سەردەمەکانی مێژو کۆمەڵ بابەتو نوسینی مێژووین کارەساتو ڕابوردووە تاڵو شیرینەکانی سەردەمی کۆمۆنیستەکانو جەنگو کارەساتە وێران کاریەکانی ئەوروپا دەگێڕێنەوە:

منیش بە پێویستی دەزانم کەخوێنەرانی کوردیش بەوزانیاریانە ئاشنا بکەمو دەقی وەرگێڕانەکان وەك خۆی وەربگێڕمە سەر زمانیکوردی :لەبەرواری 1998-8-17لە ژمارەی (34)ی گۆڤاری ڕەنگاو ڕەنگی (ئاوێنە)ی ( DERSPIEGELئەڵمانی نووسینێك لەژێر ناوی )ئەوانەی لەگەڵ دوژمندا دەنووستن

(لەلایەن )ڕۆڵف ڕیتسلەرەوە (ROLF RISTZLER ) (بلاَو کراوەتەوە باسی ئەو کارەساتە ناویژدانیو نامرۆڤایەتیانە دەکات کەلە جەنگی جیهانی دووەم دا کاتی تێکشکانی سوپای داگیرکەری نازیە ئەڵمانیەکان لە دوای ساڵەکانی (1945)ەوە لە فەرەنساو بەلژیكو دانیمارکو نەرویجو هەندێ ووڵاتانی تر چ کارێکی سادەو بێ ویژدانانە بەرانبەر بەو ئافرەتانە کراوە کەلەسەردەمی داگیرکرانی وڵاتەکەیاندا لەگەڵ داگیرکەرانی وڵاتەکەیاندا نووستونو کاری لەش بازی( سێکس)یان هەبووە.

یاخود هەندێکیان هەروەك خۆشەویستی لەگەڵ سەربازەکانی دوژمندا پەیوەندی خۆشەویستیان هەبووەو ژنو مێردیان کردووە .کارەساتەکانی جەنگی جیهانیدوەم هەر ئەوە نەبوو کەبەسەر پیاواندا بە کوشتن شکایەوە بەڵکو ئاکامە خراپەکانی بەبێویژدانەترین شێوە ئافرەتانیشی گرتەوە.خانمی نوسەر(درۆلس هاگن) کتێبێکی لەسەر چارەنوسی ئافرەتانی ئەو وڵاتانە نووسیوە کەلەلایەن نازیە داگیرکەرەکانەوە داگیر کرابون گۆڤاریئاوێنەش ڕاپۆرتەکەلەژێر ناونیشانی (ئەوانەی لەگەڵ دوژمندا ئەنوستن) بەم شێوەیە بلاَو دەکاتەوە.

لە جەنگی جیهانیدوەمدا سەربازەکانی ئەڵمانیا بە کوشتنو وێران کردنەوە بەسەر ئەورووپادا کشابون هەروەها چەندەها بوكو منالێیان لەدوای خۆیان بەجێهێشت کەئێستە چارەنوسیان لە کتێبێکی پڕ بەڵگەنامەدا بلاَو کراوەتەوە.

بەقولَپ خوێن بەسەر دایکێکی گەنجدا دەچۆڕایە خوارێ .دووپیاویگەنج قژیان بادەداولە پشتەوە دەیانشکاندەوە ئەوانی تریش قژیان دەبڕی بە مقەستو هەندێك جارانیش پێستیسەری بەدەم مقەستەکانەوە دەهات .کوڕەتەمەن سێ ساڵەکەشیپێویست بووبە ئاهی ساردەوە تەماشابکات کە چۆن دایکی لەبەرچاویا بەدەستیکۆمەڵێ جەردەوە سوکایەتی پێ دەکرێتو ڕووت دەکرێتەوەو لەسەر ناوچەوانو ڕوومەتی ڕەمزی نازیە فاشیە هیتلەریەکان هەڵدەکەندرێتو دەکێشرێت.

ئەم کارەساتە لە ڕۆژەکانی مانگیمایسی ساڵی 1945دابوو کاتێ کە وڵاتی نەرویج ئاهەنگی ئازادی دەگێڕا بۆ ڕزگاربونو لەژێر دەسەڵاتی لەشکری نازیە داگیرکەرەکانو چەك کردنیان.

لەسەر پەنجەرەو دەرگای دوکانەکانی ناوشار دروشمی بریقەدار هەڵواسرابوو، لەسەریان نووسرابوو (بەهۆی خۆشیەوە دووکانەکان داخراوون)(بەخۆشی ئەوەی کە ڕزگاریان بووە لە ژێر دەسەڵاتی نازیە داگیر کەرەکان..وەرگێڕ).

لەسەر شەقامەکان سەماو ئاهەنگ گێڕان بوو، لە بورجی کەنیسەکانەوە دەنگیزەنگەکان دەزرنگانەوە .لە هەمان کاتدا لەسەرانسەری وڵاتدا دەستیان کرد بە ڕاوی ئەوکچۆڵەو ئافرەتە نەرویجیانەی کە نەرویجیەکان پێیان دەوتن (کچە ئەڵمانیەکان) لەبەر ئەوەی سەوداو مامەڵەیان لەگەڵسەربازەداگیرکەرەکاندا دەست پێکردبو .زۆربەیان زۆر بێ ویژدانانە لەسەرشەقامەگشتییەکان سزادەدران‌و قژیان دەبڕین‌و پێیان دەوتن (ئێستە پەرچەمێکی )تەسریحە(یەکیتازەتان بۆدەکەین).

10مانگان پێش ئەمساڵە لە فەرەنساش هەزاران ئافرەتان لەسەرئەو شێوە دڕندانەیە خرانە سووچی تاوانباریەوە سزا دران‌و سەریان تاشین .ئەوەی لە بیرەوەری فەرەنسایەکاندا مابێت ئەوەیە کە ئەو کارەساتە لەیەکچووانە لە مانگەکانی ئابی 1944دا ڕویان دابوو وێنەگری سەرکەوتووی ئەوسەردەمە (ڕۆبەرت کاپا) وێنەی ئەوشێوە بێویژدانیە ناشیرینانەی گرتووە کەلەسەرانسەری فەرەنسادا دوایی ئازاد بوون،لەلەشکری فاشیەکان‌و چەك کردنیان دەستیان کرد بەگرتنی ئەو ئافرەتانەو نیشانەی فاشیەکانیان لەسەر ناوچەوان‌و ڕوومەتیان بە سوتاندن هەڵکەندو شێوە ڕووت، یان هەندێکیان تەواو ڕووت کردبونەوە هەندێك لەو دایکانە مناڵێکی بەرمەمکانە(شیرەخۆر)یان بەباوەشەوە بوو کاتێك بەسەر شەقامەکانی فەرەنسادا ڕایان دەکێشان‌و پیشان خەڵکیان دەدان هەندێکیان بە کۆمەڵێك خەڵکی زۆر دەورە درابوون کە خۆشی‌و پێکەنین لەسەر ڕووی ئەو خەڵکە دەخوێندرایەوە.

کارەساتی سزادانی ئەو ئافرەتانە هێندە بێویژدانانەو دڵ تەزێن بوون فەیلەسوفی زانا (جان پۆل سارتەر)یان هێنایە زوبان‌و دەڵێت :

(ئەم شێوەی سزادانی ئافرەتانە بێشەرمیەکی تۆمارکراوو سادیەتی سەدەکانی ناوەڕاستە کە دژی ئافرەتان ئەنجام دەدرێت )سادیەت نەخۆشییەکی سێکسی‌یە وەك هەندێك دەڵێن، یاخود ئارام بونێکی سێکسی‌یە لە ژن‌و پیاودا کە ئالۆشە دەرونیەکان بە ئازاردان ساڕێژ دەبن‌و ئۆخەی بەلەشدا دەهێنن-وەرگێڕ(

زۆر لە ئافرەتانی-فەرەنسا-هۆڵەندا-بەلجیکا-دانیمارك‌و نەرویج پەیوەندی هاوڕێیەتی‌و سێکسیان لەگەڵ سەربازە داگیرکەرەکانی ئەوسای لەشکری ئەڵمانیادا هەبوو ئیتر ئەوە ژمارەیان چەندە تا ئێستە سەرجەمێکی ڕێك‌و دەستنیشان کراوو نیە .بەڵام تا ئێستە کەسەر ژمێرێکی تەواوی ئەو مناڵانە کرابێ کە بەهۆی سەربازە ئەڵمانیەکانەوە لە دایك بوون بەم شێوەیەیە:

سەد هەزار مناڵ لە فەرەنسا

پەنجا هەزار مناڵ لە هۆڵەندا

چل هەزار مناڵ لە بەلجیکا

دەهەزار مناڵ لە نەرویج

شەش هەزار مناڵ لە دانیمارك.

سەربازە ئەڵمانیەکان، هەروەها وەك سەیرانکردن ڕژانە ئەم وڵاتانەوە لەگەڵ ئەوەدا کەلە ڕۆژهەڵاتدا جەنگێکی وێران کاری‌و کوشت‌و بڕێکی بێوێنەیان ئەنجام دا.

له نەرویچو دانمارکو بەشێکی فەرەنسادا دەوری ڕێك خەریان بینیو چاوپۆشیيان کردو دڵنەرمیان لەگەڵ دانیشتوانی ئەو وڵاتانەدا نوواند .ئەمەش کارێکی ڕێكو پێك بوو کە ئەنجامیان دەدا.ئەم شێوە مامەڵەکردنە لە زۆر سەرچاوەی ترەوە وەرگیراوەو باسی لێوەکراوە .ژمارەی دەست درێژی کردنە سەر ئافرەتانیان کەم بوو، بەڵام ژمارەی خۆشەویستی یان لەگەڵ ئافرەتاندا زیاتر بوو.

لەو ساڵانەی دواییدا لە فەرەنساو دانیمارکو نەرویچ هەندێ کتێب لەسەر ئەوباسانە لە ژێر ناوی (بووکی داگیرکەرانو مناڵەکانیان) نووسراون .هەروەها لە ساڵی 1995لە لەندەنیش نووسەر (مادێلینێ بۆنتینگ)لە ژێر ناوی :

THE MODEL OCCUPATION THE CHANNEL ISLANDS UNDER GERMAN RULE 1940-1945

کتێبێکی لەسەر ئەوباسە نووسیوە.

هەروەها لە کۆتایی ئەم هەفتانەشدا لە ئەڵمانیاش کتێبێك لەسەر ئەو باسە بڵاودەکرێتەوەو بۆ یەکەم جار باسی حەقیقەتی ژیانی سەربازەداگیرکەرەکانی ئەڵمانیا دەکات لەگەڵ ئەو ژنە دەبەنگانەو ئەو ژنە ئازایانەی کە عاشقی ئەوان بوون.

کاتێك لەشکری نازی ئەڵمانی لە 9ی نیسانی ساڵی 1940وڵاتی دانیمارکو نەرویجی داگیرکرد خەڵکی ووڵاتە ئەسکەندناڤیەکانو واقیان ووڕما بەرانبەر ئەو داگیرکردنە کتوپڕیە .لەوسەردەمەدا وڵاتی نەرویچ ژمارەی دانیشتوانی دەگەیشتە 3.5ملیۆن مرۆڤ کەناچار بون لەماوەی ئەو 5ساڵەی داگیرکردندا وڵاتەکەیان لەگەڵ چوارسەد هەزار سەربازی ئەڵمانیدا دابەش بکەن .پاش نۆ مانگان دوای ئەو داگیرکردنە یەکەم مناڵیان هاتە دونیاوەو لە دایك بووکە بۆیەکەم جار خانمێکی نەرویجی لەگەڵ سەربازێکی داگیرکەری ئەڵمانیدا چونە قۆناغی دایکایەتیو باوکایەتییەوە مناڵیان پێکەوە دروست کرد ژنێکی ئەو دەمەی نەرویجی باوکی مناڵەکەی سەربازێکی داگیرکەر بوو.

مێژوونوسە نەرویجیەکان دەگەنە ئەو ئەنجامەو دەیسەلمێنن کەلەسەردەمی جەنگدا پەنجاهەزار ژنی نەرویجی پەیوەندی زۆر نزیکیان لەگەڵ سەربازەکانی ئەڵمانیدا هەبووە هۆکانی ئەو بەیەك گەیشتنو پەیوەندیە نزیکانەش چەند لایەنە بوون، لەو پەیوەندیانەدا سیاسەت پشت گوێ خرابوونو کرابوونە ناوکەوانەیەکی داخراوەوە.

زیاتر هۆ ئابوریە بابەتیەکان(ماتریالیەکان) سەرنجی ژنە نەرویجیەکانی ڕاکێشابوو، ئیشو کارکردن زۆر دەگمەن بوبو، بە دەگمەن دەست دەکەوت، ئەڵمانیەکان چوارقات پارەیان دەدا بە خەڵکان وەك لەوەی کەسێك باری ئاسایی لە ڕۆژێکدا دەستی دەکەوێت، ئەم بارە ئابوریە شێواوەش هۆیەك بوو بۆ سەرنج ڕاکێشانی کارە سێکسیەکان زیاتر کارەکانیش پەیوەندییان بە قوتی نان بەدەستهێنانی ژیانەوە بوو.

ئەمەش دیاردەیەکە کەلە هەمو سەردەمانی دونیادا یەك شێوازیان هەیەو لەیەك جیاناکرێنەوە.

پەیوەندیەکان هێندە تێکەڵ بوبون زۆربەیان چوبونە قاڵبی خۆشەویستییەوە .شاهێدی ئەم خۆشەویستیانە بیرەوەری ژنێکی نەرویجیە لە ساڵی 1942دا لەگەڵ سەربازێکی ئەڵمانیدا عاشق بوونو لەسەردەمی جەنگدا لەگەڵ یەکدا ژنو مێردییان کردووە .ئەو خانمە نەوریجیە بیرەوەریی ئەو سەردەمەی بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:

(هەرگیز ناتوانیت پێش بینی ئەوە بکەیت ئەو خۆشەویستیانە چۆن بوون، کاتێك کە ئەڵمانیەکان هاتنە وڵاتەکەمانەوە ئێمە کچە جوتیارو گوندی بوین لە خانوبەرەیەکی گەورەی جوتیاریدا دەژیاین .هەردەم دەهاتن‌و داوای پەیوەندیان لێ دەکردین مەگەر خوا بزانێت سەربازە ئەڵمانیەکان بە جل‌و بەرگی سەربازیەوە چەندە قۆز بون، وامان لێ هاتبو بڕوامان بە چاوی خۆمان نەدەکرد، دەرگاکانیان بەڕێزەوە بۆ دەگرتین لە قاوەخانەو چایخانەکاندا کورسیەکانیان لە مێزەکان بۆ دوردەخستینەوە تا دادەنیشتین لەگەڵ هەمو پێگەیشتنێکدا سەریان دادەنەواندو دەستیان ماچ دەکردین ڕێزو گەورەییان بەرانبەرمان پیشان دەداو قسە شیرین‌و گاڵتەباز بوون‌و هەستی دەرونیان بۆ هەڵ دەڕشتین).

ئەو سەربازانەی کە قۆزو چالاك بون‌و ڕێزیان بەرانبەر ئافرەتان دەنواند، بۆتە هۆی ئەوەی کە خانمی نوسەر (درۆلس هاگن) بنوسێت (سەرکەوتووەکان سێکسین) هەروەها ئەم واتەیەش بیروبۆچونی عاشقەکەی فەیلەسوف(سارتەر) بوە بەرانبەر سەربازە سەرکەتوەکان .هەروەها (سیمۆنە باوڤێر)ی نوسەر کە شۆفێری تاکسی بوە لە پاریس زۆر لەسەربازە داگیرکەرەکان لەگەڵیدا سوار بون هەمان بیروبۆچونی هەبووەو دەنوسێت :

(سەربازە ئەڵمانیەکان بەخۆشیەوە پێدەکەنین‌و زۆر بەختەوەر بوون، هەروەها گەنج‌و لاو بون، زۆربەیان قۆزو جوان بوون).

بەڵام لەبەرچاوی زۆربەی پیاوانی نەرویجیدا ئەو ژنانەی کەلەگەڵ سەربازە داگیرکەرەکاندا نووستبون وەك وولات فرۆش یان سۆزانی تەماشا دەکران:

ڕاپەڕیوەکانی (ئۆپۆزیسیۆنە نەرویجیەکان) ئەو سەردەمە کە دژی نازیەکان بوون بەم ئافرەتانەیان دەوت (بەرەڵاکان) لەلاپەڕەی ڕەشدا یان لە لیستی ڕەشدا ناویان بلاو کرایەوەو بە(خۆشەویستەکانی دوژمن) ناویان دەرچوو .هەروەها داوایان لە خەڵك کرد کەلە ناوکۆمەڵدا دەریان بکەن‌و پەیوەندییان لێ ببڕن هەروەها لە دانیمارك پیاوان بانگەوازیان بلاو دەکردەوە بەم شێوەیە :

(ئەی ئافرەت تۆ کە ئارەزوەکانت بە پیاوێکی بێگانە بەخشی، ئەوا تۆ بەبێ‌شەرمی خیانەت لە وڵاتەکەت دەکەیت بەبێ شەرمی .ئەی ئافرەت تۆ کە بێشەرمانە هەستەکانت دەدەیتە دوژمن تۆ مەترسیت لەسەر شەرەفمان)

کەچی بەپێچەوانەوە پیاوان بە چالاکی لەگەڵ دوژمنەکاندا ئیشیان دەکرد بەبێ ئەوەی وشەیەکیان لەسەر باسکرا بێت‌و لەکەی تاوانباریان بەرکەوتبێت .لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە دووسەدهەزار کەس رۆژانە کاریان کردوە لەگەڵ ئەڵمانیەکاندا بۆ ئەوەی نانی ڕۆژانەیان بەدەست بهێنن.

یەکێك لە ژنەکانی دورگەکانی بەریتانیا دەڵێت (مرۆڤ ناتوانێت بە دوژمنی بمێنێتەوە ئەگەر 5ساڵی ڕەبەق شان بەشانی یەکتر ئیش بکەن .لە یەکێك لە نیمچە دورگەکانی کەنالی )جێرسی ئینگلیزی (ژمارەی منالْ لە سەربازە ئەڵمانیەکان دووقات زیادی کردوە هەروەها لە نیمچە دورگەیەکی دراوسێیان (گوێرنسی) ژمارەی ئەو منالانە چوارقات زیادی کرد.

مامەڵەو پەیوەندی ئەڵمانیە داگیرکەرەکان لە نەرویج‌و دانیمارك‌و بەلجیکاو هۆڵەنداو نیمچە دورگەکانی کەناری‌و رۆژهەلات‌و سەروی فەرەنسادا شتێکی زۆر جیاوازتر بوو، پەیوەندی کردن لەگەڵ هاولاتیانی ئەم وڵاتانەدا

ئازاد کرابوو بۆ سەربازە نازیەکان .هەروەها پەیوەندی سێکسی لەلایەن سەرکردەکانی بەرلینەوە بۆ سەربازەکانیان بەخۆشیەوە دەبینرا .بە تایبەتی ئەگەر لە ئەنجامی ئەو پەیوەندیە سێکسیەوە منالٚ دروست ببوایە بەلاٚم ئەو پەیوەندیە لە پۆلۆنیا شێوەیەکی زۆر جیاوازتری بەخۆیەوە بینی.

لەلایەن سەرۆکی پۆلیسی نهێنی ئەلمانی (ss)(هیملەرەوە (دەوترا ئەو)دایکانەی خوێنیان پاکە)(مەبەستی ژنە نەرویجیو دانیمارکیەکان بوو-وەرگێر (دەتوانن منالێك لە سەربازێکی ئەلمانیەوە پێشکەش بەسەرکردەهیتلەر) بکەن.

چونکە )هیتلەر (ڕێگەی داوە کە سەربازە ئەلمانیەکان مێردی بکەن لەگەلٚ ژنی ئەو نەتەوانەی کە خزمایەتیان بە ڕەسەنایەتی نەتەوەی ئاریەوە هەیە، بەلاٚم لەگەلٚ فەرەنسیەکاندا نە، چونکە هیچ بەرژەوەندیەکی سیاسیان نیە، لە مانگی مایسی سالٚی 1945دا لە نەرویج زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە پەیوەندیان بەسەربازە ئەلمانیەکانەوە هەبوو یان ژنو مێردیان کردبوو خرانە ئۆردوگا زۆرە ملێکانەوە و زیندانی کران.

ئەوانەشیان کە هەلیان بۆ هەلکەوت هەلاٚتنو ڕوویان کردە ئەلمانیای بۆمباباران کراوو وێران بوو کە بەدوای باوکی منالٚەکانیاندا بگەڕێنو دوای دلٚە شکاوە ئاوارەکانی دوور ولاٚت بکەون .بەشی زۆری خەلکی نەرویج پێیان دەوتن )دەبێ بڕۆن بۆ ئەلمانیا چی دەکەن لێرە، ئەوانە ئیتر سەر بەم ولاٚتە نین (هەروەها نیشتمان پەروەرەکانی ئەودەمەی نەرویجیش پشتگیری ئەو دەنگو نا ڕەزاییەیان زۆر بێ ویژدانانە دەکرد .هەروەها دادگاو یاساکانی ئەو سەردەمەش دەیانویست ئەو کارە بەکاری مافی یاسایی دەولٚەتەوە ببەستنەوە، بۆیە کچێکی 18سالٚی نەرویجی کە وەکو چێشت لێنەرێك لە سەربازگەی ئەلمانیەکاندا ئیشی کردبوو بۆ بە دەست هێنانی قووتی ژیانی فەرمانی دومانگان زیندانی کردنی بەسەردا سەپێنرا .هەروەها بەلێندەرێکیش )مقاول (کەلەسەردەمی داگیرکردندا لەگەلٚ سەربازە ئەلمانیەکاندا ئیشی کردبوو لەو ماوەیەدا سی ملیۆن کرۆنی نەرویجی پارەی پەیدا کردبوو، دوومانگ زیندانی کرا.